# دەستوری کوردستان: تولەڕێیەک بەرەو دیکتاتۆرییەت

**بەختیار کەریم**

نووسینی دەستوری کوردستان لە قۆناغی تەواوبووندایە، ئەگەرچی ڕەشنووسی ئەم دەستورە، وەک لە کۆتایی دەستورەکەدا ئاماژەی پێدراوە، ماوەیەکی زۆرە لەلایەن چەندین کەس و لایەنەوە کاری تێدا دەکرێت، بەلاَم هێشتا پرە لە کەلێن و دەروازەی گەورە. ئەوەی لێرەدا جێگەی باسی ئەم وتارەیە، تەنها لایەنێکی زێدە گرنگە لەو دەستورەدا، ئەویش دەسەلاَتە فرەکانی "پۆستی سەرۆکی هەرێم"ە. بەلاَم بەرلەوە ئاماژە بە کەموکورییەکی دەستورەکە دەدەین لە پەیوەندیدا بە مافی کەمایەتیی لە بەرامبەر مافی زۆرینەدا.

گرنگی دارشتنی دەستورێک بۆ هاوولاَتیانی کۆمەڵگەیەک وەک پیداویستییەک خۆی نمایش دەکات، بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە کە بەرژەوەندییەکانی هاوولاَتیان، وەک تاک و وەک جڤات، کە لە نائامادەگی دەستور (یان هەر یاسایەکی بالاَدا)، لە پێکدادانێکی بەردەوامدان. بە واتایەکی دی هاوولاَتیان دەخوازن بگەنە ڕێکەوتنێکی پراکتیکی و دەستور بکەنە ئەو چوارچێوە گشتییەی کە بە وتەی ڕۆڵس (John Rawls) دەبێت ئەم بنەما گرنگانە بپارێزێت:

یەکەم: ئەو پرینسپە بنەڕەتیانەی کە بونیادی گشتیی حکومەت و پرۆسەی سیاسی دیاری دەکەن (دەسەلاَتەکانی یاسادانان، بەڕێوەبردن، دادوەری و سنوری حوکمی زۆرینە).
دووەم: یەکسانیی مافە سەرەتاییەکان و ئازادییەکانی هاوولاَتیان کە زۆرینەی یاسادانەر پێویستە ڕێزی لێبگرن (بۆ نمونە مافەکانی دەنگدان، بەشداریکردن لە سیاسەت، ئازادی دەربڕین و بیرکردنەوە و هتد..). سەرەڕای ئەمانە پاراستنی "دەوڵەتی یاسا" (the rule of law).[1]

www.dengekan.com

گرنگی بۆچونەکەی ڕۆڵس لەوەدایە کە جگە لەوەی باڵەکانی دەسەلاَت لێک جیادەکاتەوە (سێ دەسەلاَتەکە)، هەوڵی بەرگرتن بە "دیکتاتۆریەتی زۆرینە" دەدات ئەویش لە دوو ڕێگاوە: یەکەم لە ڕێگای سنوردارکردنی دەسەلاَتی زۆرینەوە لە بونیادی گشتیی حکومەت و پرۆسەی سیاسیدا، دووەم لە ڕێگای پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاوولاَتیان لەم زۆرینەیە کاتێک دەبنە یاسادانەر. دەستور هاوکات دەبێتە ئەو دۆکیومێنتەی کە هاوولاَتیان بە ماف و ئەرکەکانی خۆیان ئاشنادەکات، لێرەدا لە ماف و ئەرک مەبەست ئەو ماف و ئەرکانەیە کە تا ئەندازەیەک ڕێککەوتنێکی گەردوونییان لەسەرە، هاوشان لەگەڵ ئەو ماف و ئەرکانەی بە تێڕوانینی کۆمەڵگەیەکی دیارکراو موڵکی هاوولاَتیانن و دەبێت لە دەستوردا زامن بکرێن. تێڕوانینی کۆمەڵگەیەک بۆ مافەکانی هاوولاَتیان جیاوازە لە کۆمەڵگەیەکی دی، لێرەدا باس لەسەر ئەوە نییە کە کام تێڕوانین دروستە، هێندەی ئەوەی باس لە گرنگی هەبوونی دەستورە بۆ دروستکردنی هۆشیاریی سیاسی لای هاوولاَتیان، کە لە ئەنجامدا هۆشیایی سیاسی لای هاوولاَتیان خود بە خود دەبێتە میکانیزمێک بۆ بەرزڕاگرتنی مافە دەستورییەکانیان لەلایەک، بەجێگەیاندنی ئەرکە دەستوری و مەدەنیەکانیان، لە ڕێگای بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا، لەلایەکی ترەوە.

---

[1] **بڕوانە** Rawls, John, (1996), Political Liberalism, New York: Columbia University Press, pp. 227-228.

دەکرێت بڵێین ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان (لێرەوەڕا دەستور یان دەستورەکە)، بەشێکی زۆری لەم پێشمەرجانە نەپێکاوە، کە ڕۆڵس دەستنیشانی کردوون. ئەگەرچی "ماف"ی کەمایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی دیاریکراون، ئەوەی لە دەستورەکەدا نائامادەیە، "سنووردارکردنی دەسەڵاتی زۆرینە"یە. باشیترین ڕێگاش بۆ زامنکردنی ئەمە، بریتییە لە دیاریکردنی ڕێژەی بەشداریی کەمینەکان لە پرۆسەی سیاسیدا بەگشتیی و سێ ئەنجوومەنەکەی دەسەڵات بەتایبەتیی. نوێنەرایەتی شیاوی کەمینەکان لە کوردستان نەک بەتەنها هەستی هاووڵاتیبوونیان تێیدا دەچێنێت، بەڵکو ئەو بەشدارییە دەبێتە گەرەنتییەک بۆ پاراستنی سیستەمەکە لە  داخزان بەرەو جۆرێک لە دەسەڵاتی تاکڕەویی و بڵاوبوونەوەی پشێویی کۆمەڵایەتی. دیاریکردنی کۆمەڵێک مافی کولتوری و ئازادی زمانەوانیی بۆ نەتەوەکانی دیکەی کورستان بەس نییە. ئەمە هەمان ئەو فێڵە سیاسییە کە لە چەندین جێگا بەکارهاتوە. بەشداری چالاکانە و کاراکردنی ڕۆڵی نەتەوەکانی دیکە لە پرۆسەی سیاسیدا تەنها ڕێگایەکە بۆ زامنکردنی ئەو مافانە و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ زۆرینەی کورد. خاڵێکی گرنگی دیکە کە جێگەی ئاماژە پێدانە و ئێمە یەکەم کەس بووین کە پێشتر لەسەری دواوین، دواخستنی ڕیفراندۆمە لەسەر دەستور، تا دەرفەت بە کۆی دانیشتوانی کوردستان بدرێت بۆ بەشداریکردن لەو ڕیفراندۆمەدا. ئەنجامدانی ڕیفراندوم لەسەر دەستور بەر لە گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە، کە گرنگترین و ئاڵۆزترین پێکهاتەی کوردستان پێکدەهێنن، جگە لەوەی هەڵەیەکی سیاسی مەزنە، بێبەشکردنی ئەو هاووڵاتیانەی کوردستانە لەمافی دەنگدان و دەربڕینی بۆچوون لەسەر ئەو دەستورە. ئێمە پێشتر و هەنووکەش لەو بڕوایەدا بووین/هەین، کە نووسینی دەستوری هەرێمی کوردستان بەر لە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە هەڵەیە، چونکە نووسینی دەستور بەر لە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە لە دیمۆکراسیبوونی پرۆسەی دەستور نووسین کەمدەکاتەوە و بەشێکی فراوان و گرنگی دانیشتوانی کورستان لە مافی بەشداری لەو نووسینەدا بێبەش دەکات. ناکرێت ئێمە لەلایەکەوە بڵێین ئامێزمان بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان، بەدەر لە ڕەگەز و ئاینیان، کراوەیە، لەلایەکی دیکەوە ئێمەی کورد (وەک زۆرینە) دەستورێک بەسەر ئەو پێکهاتانەدا بسەپێنین کە کەمینەن.

ئێستا تێڕامانمان ئاراستەی لایەنێکی زۆر گرنگی دەستوری کوردستان دەکەین، ئەویش دەسەڵاتە بێشومارەکانی پۆستی سەرۆکی هەرێمە. جودایی دەسەڵاتەکان، دۆکترنێکی سیاسییە کە هەموو دەستورێک، ئەگەر بخوازێت هەنگاوێک لە دیمۆکراسی نزیک بێتەوە، دەبێت لەنێو دڵ و هەناوی خۆیدا دایبنێت. دەستوری کوردستان، ئەگەرچی بانگەشەی جوادیی دەسەڵاتەکان دەکات، بەڵام پۆستی سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی سامناک ئەم دەسەڵاتانە ئاوێتە دەکات و لە دەستی خۆیدا کۆیان دەکاتەوە. با بە سەرنجدان لە دەستورەکە ئەم دیدە ڕۆشنتر بکەینەوە.

بەپێی دەستورەکە سەرۆکی هەرێم، خاوەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستان. لێرەدا کێشەیەکی ئەوتۆ نییە، مەگەر لەو ئاستەدا نەبێت، کە دەکرێت ململانێی نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرەک وەزیران ببێتە هۆی گەڵاڵەبوونی بونبەستێکی سیاسی لە وڵاتدا. هۆکاری ئەمەش هەبوونی دەسەڵاتی هاوبەش و هاوشێوەیە لەنێوان سەرۆکی هەرێم و سەرەک وەزیراندا. بەڵام دەسەڵاتەکانی هەرێم تەنها سنووردار نین بۆ بواری جێبەجێکردن، بەڵکو پەلدەکێشن بۆ هەردوو بوارەکەی دیکە، واتا یاسادانان و دادوەریی. سەرۆکی هەرێم بەپێی ماددەی 104 لە دەستورەکە، نەک بەتەنها دەسەڵاتی پێشنیارکردنی یاسای هەیە، بەڵکو دەتوانێت توانج لەو یاسایانە بدات کە پەرلەمان دەریکردوون. ئاشکرایە ئەم دەسەڵاتانە دەسەڵاتی یاسادانانن، چونکە هەندێک جار سەرۆکی هەرێم دەتوانێت

www.dengekan.com

لەڕێگای پێشنیارکردنی یاساوە پەرلەمان کۆنترۆڵبکات. لە کاتێکدا کە ئەرکی پەرلەمان یاسادانانە و تایبەتمەندێتی سەرۆکی هەرێم جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە، چ لۆجیکێک ڕێگە دەدات سەرۆکی هەرێم یاسا پێشنیاربکات؟ بێگومان نالۆجیکیی ئەم برگەیە ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت تەنها ئەو یاسایانە پێشنیاربکات کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکەن، هەڕەشەکەش ئەو کاتە مەزنترە کە سەرۆکی هەرێم پاڵپشتییەکی فراوانی هەبێت لە نێو پەرلەماندا، چونکە زۆر بە ئاسانیی دەتوانێت پەرلەمان پەکبخات و بیکاتە خزمەتکاری بەرژەوەندییەکانی خۆی. هاوکات سەرۆکی هەرێم بە ناردنەوەی یاساکان بۆ پەرلەمان، دەتوانێت کاریگەری نەخوازراو لەسەر پەرلەمانتاران دروست بکات و ناچار بە گۆڕینی یاساکەیان بکات. پاشان سەرۆکی هەرێم، وەک تاکە کەسێکی هەڵبژێردراو، بۆچی دەبێت دەسەڵاتی ڕەتکرنەوەی یاسای کۆی پەرلەمانێکی هەڵبژێرداوی هەبێت؟ ئەمە پرسیارێکە شایانی وەڵامدانەوەیە.

تێکچڕژانێکی دیکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانانداە، لە برگەی حەوتەمی هەمان مادده (104)دایە. بەپێی ئەم برگەیە سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە (فەرمان) دەربکات کە قورسایی یاسایان هەیە، بێگومان لێرەدا بۆ ئەم فەرمانانە مەرجی ڕاوێژکردن بە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و پاشان ڕازیبوونی پەرلەمان هەیە لەسەری لەپاش یەکەم کۆبوونەوەی پاش دەرچوونی فەرمانەکە. بەڵام ئەمانە ڕێگر نابن لە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی لە پشت بوو، بۆ دەرکردنی زۆرترین (فەرمان) کە خۆی پێیخۆش بێت. بە دەربرینێکی دیکە، لە دۆخێکی ئەوهادا پەرلەمان (وەک ئێستا) دەبێتە دامەزراوەیەکی ناکارا و سەرۆکی هەرێم لەڕێگای ئەو فەرمانانەوە وڵات بەو شێوەیە بەڕێوەدەبات کە دڵی دەیخوازێت.

یەکێکی دیکە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، دیاریکردنی دادوەرە (لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی دادوەریی). پێشبینی ئەوە بکە، سەرۆکێکی هەرێم هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی دەکات، پاشان کەسێک لە حیزبەکەی (یان بنەماڵەکەی) جێگەی پڕدەکاتەوە بۆ هەشتی دیکە. ئەم دوو سەرۆکە دەتوانن کۆی ئەنجوومەنی دادوەریی و دادگاکان پڕ بکەن لەو دادوەرانەی کە لەڕووی سیاسییەوە هاوڕا یان هاوبیرن. یەکێک لەو ڕەخنە بەردەوامانەی کە لە دیمۆکراسی ئەمریکی دەگیرێت، ئەوەیە کە سەرۆک کۆمار دادوەر دیاریدەکات، نەک ئەنجوومەنێکی تایبەتمەندی دادوەریی یان کۆنگرێس. ئەم دەسەڵاتە فۆرمێکە لە کۆنترۆڵکردنی دادگای باڵای ئەمریکی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە، بەتایبەتیی ئەوانی هەشت ساڵ دەمێننەوە. هەمان بۆچوون لەسەر دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دروستە، کە دەستنیشانکردنی دادوەر لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، دەبێتە میکانیزمێک بۆ کونترۆڵکردنی کۆی سیستەمی دادوەریی لە کوردستان. لەهەر جێگایەکیش دادوەرییەکی سەربەخۆ گەڵاڵە نەبوو، لەو جێگایە دیمۆکراسی هەرگیز گوڵناکات.

هەڕەشە شاردراوەکەی نێو دەستورەکە لێرەدایە. پۆستی سەرۆکی هەرێم، کە گوایا تەنها سیمبۆڵییە، پریسنپڵی جودایی دەسەڵاتەکان پێشێل دەکات و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەریی دەخاتە دەستی تاکەکەسێک. فەرمانڕەوایی تاکەکەسیانەش هیچی لە دیکتاتۆریەت کەمتر نییە، ئەگەر خودی دیکتاتۆرییەت نەبێت. هەڵەیەکی کوشندەیە، بگرە خۆکوژییەکی سیاسییە، بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، ئەو هەموو دەسەڵاتە بخاتە چنگی تاکە (پیاوێکەوە)، بەدەر لەوەی کێ دەبێت و (کوڕی) کێ دەبێت. خوێنەر دەمنابەخشێت کە زمانی نێر بەکاردەبەین، چونکە لە وڵاتێکدا فرەژنیی

www.dengekan.com

یاسای بۆ دابنرێت، لەجیاتی ئەوەی سزا بدرێت، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت، ژن وەک پێویست بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات.

بەبڕوای هەندێک دەبوایە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم فراوانتربوونایە. ئەم دیدە و پێچەوانەکەی، دوو دیدی کورتبینی حیزبیین، ئەوەی خاوەنی ئەم دوو دیدە بەگرنگی دەزانن ئەمڕۆیە، نەک ئاینده. بەڵام دەستور بۆ چەندین نەوەی داهاتوو دەبێتە ئەو دۆکیومێنتەی کە یاسا سەروەرەکان لەخۆدەگرێت، بۆ چەندین نەوە سیستەمی سیاسی دیاریدەکات. لەبەرئەوە زۆر گرنگە کورتبینانە بیرنەکەینەوە لە تێڕامانماندا بۆ دەستور، بەڵکو دەبێت لەودیو ململانێ حیزبی و خێڵەکییەکانەوە لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بین کە لە ئەستۆماندایە. دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێو چەندین یەکە و ئەنجوومەنی جیاواز و بەسەر چەندین ئاستی جاوازدا، تاکە ڕێگرە لە دروستبوونی دەسەڵاتێک یان تاکەکەسێکی دیکتاتۆر. کۆی کتێبەکەی مۆنتسکیو، کە باس لە دابەشکردنی دەسەڵات و جوداییان دەکات بەپێی تایبەتمەندێتی، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕەشناڵەدا نووسراوە. ئەگەر، وەک سەرکردایەتی سیاسی کورد بانگەشەی بۆ دەکات، پرۆسەی سیاسی دەبێت دیمۆکراتیزە بکرێت، پێویستە جودایی دەسەڵاتەکان ئاشکراتر بێت لە دەستوری کوردستاندا. هەرچی پۆستی سەرۆکی هەرێمە، بەدەر لەوەی کە شتێکی زیادەیە، پێویستە تەنها وەک دەسەڵاتێکی سیمۆبولی بێت، نەک پێشێلکاری پرنسیپی جودایی دەسەڵاتەکان بکات کە پێشمەرجی هەبوونی دیمۆکراسیە.

www.dengekan.com

2006/09/28

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند
bakhtyarkarim@hotmail.com